# نیوەی کۆمەڵ بێ ئیشە!

**ئیرۆن عومەر**

دەستەواژەیەکی فکری و فەلسەفی کە زۆربەمان بیستوومانە یان خوێندومانەتەوە ئەوەیە کە پێشکەوتنی کۆمەڵگا بەندە بە ئازادی ژنانەوە ، تا ژنان تەواو ئازاد نەبن و نەبنە خاوەن بڕیاری خۆیان کۆمەڵگا هەر بە دواکەوتوویی دەمێنێتەوە ، ڕەنگە گوزارشتە فەلسەفی و ڕۆشنبیریەکانی ئەو دەستەواژەیە وابێنەوە کە هەموو مرۆڤەکان یەکسانن لە ڕووی پێکهاتەی مرۆییانەوە و هەمان مافی یەکسانیان هەیە بە بێ لەبەرچاو گرتنی ڕەگەزی نێر و مێ ، لەوەشدا پشت بە بەرهەمی عەقلی و بیرو باوەڕە کۆن و نوێیەکانی هەندێ لە ئاینەکان و بۆ چوونی زاناو فەیلەسوفان بەستراوە ، دیارترینیان (فریدریك ئەنگلس)ە لە کتێبی بنچینەی خێزان.

دەکرێت هەریەکێ لە ئێمە تەرزێکی تری بیرکردنەوەی جیاوازی هەبێت و بۆی هەبێت لەڕووی فکری و فەلسەفیەوە باوەڕ بەو گوزارشتەی سەرەوە نەهێنێ ، بەڵام ئەگەر بەپێی زانست و لێکۆلینەوە ئابووریەکان لەم بابەتە بڕوانین تێگەیشتنێکی وامان لەلا دروست دەبێت کە بە ناچاری باوەڕ بەوە بێنین بەڵێ کلیلی ئاوەلابوونی دەروازەی پێشکەوتنی کۆمەڵاتی و مرۆڤایەتی وا بەدەستی ژنانی ئازاد و سەربەستەوەیە ، بۆچی؟!

بۆ وەلامی پرسیارەکەمان ناچار دەبین تا ئاستێك بە زمانی زانستی ئابووری بدوێین و ئەم ڕوونکردنەوەی خوارەوە بخەینە پێش چاو.

بێگومان کۆی داهاتی نەتەوەیی (دخل القومی الاجمالی)ساڵانەی هەر وڵاتێك پێکهاتووە لە کۆی داهاتی هەریەك لە هاوڵاتیانی ئەو ولاتە کە لە ماوەی یەك ساڵدا بەدەستی دەهێنن ، بە لێکدانەوەی داهاتی هەموو ئەو هاولاتیانەی کە لەماوەی ئەو ساڵەدا کاریان کردووە و بەرهەمیان هەبووە و سەرمایە و داهاتێکیان وەدەست هێناوە داهاتی گشتی ساڵانەی ئەو ولاتە وەدەست دێت ، بەدابەشکردنەوەی کۆی داهاتی ساڵانەش بەسەر ژمارەی دانیشتواندا ڕێژەی ناوەندی داهاتی تاکە کەس(معدل دخل الفرد)ی ئەوولاتەمان بۆ دەردەکەوێت ، بێگومان بەرزی و نزمی ناوەندی داهاتی تاکەکەسانیش لە هەر ولاتێك پێوەری پێشکەوتن و گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو ولاتەیە ، ئەو وڵاتانەی داهاتی تاکەکەس تێیاندا بەرزە مانای ئەوەیە زۆرترین هەلی کاردنی ئەو ولاتە قۆزراوەتەوە، پڕکردنەوەی بازنەی کارکردن بە باشی کراوە لە بوارەکانی پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵ و خزمەتگوزاریەکان و زۆرترین ژمارەی دانیشتوان کاریان کردووە، واتا بەرزترین ڕاددەی دەستی کار بەکار براوە ، بەو هۆیەوەش زۆرترین بەرهەم وەدەست هاتووە ، داهاتی گشتی بەرز بۆتەوە و لەگەلیشیدا بودجەیەکی بەگوڕزم(هائل) دەستەبەر بووە، کە دەکرێت بۆ ساڵی دواتر زۆرترین پرۆژەی ئاوەدانکاری و ژیاری پێ ئەنجام بدرێت و ولات و کۆمەڵ بەرەو پێشەوە ببات . کە دەڵێین زۆرترین ژمارەی دانیشتوان هەلی کارکردنیان هەبووە ، زۆرترین بەمانای زیاتر لە نیوەی ژمارەی دانیشتوان دێت ، چونکە لە ولاتێکدا کە چالاکی ئابووری تێیدا لەگەشەکردنی بەردەوامدایە و گەنجە دوو لەسێی ژمارەی دانیشتوانی لە چالاکیە ئابووریەکەی دا بەشدارن و بەشەکەی تریش لە خوار یان لەسەرووی تەمەنی کارکردنەوەن ، واتا پیر و منداڵ و قوتابین، بەو پێیەی ڕەگەزی مێ نیوەی کۆمەڵە و نیوەی دانیشتوانی هەر ولاتێك پێك دێنێت بە هەمان شێوەی ڕەگەزی نێر هەلی کارکردنی قۆستۆتەوە ، ئەگەر وانەبێت لەو دوو لەسەر سێیەی کاردەکەن نیویان ژنانن ئەگەر جیایان کەیتەوە تەنها یەك لەسەر سێی دانیشتوان دەمێنێتەوە کە کار دەکەن و بەوەش داهاتی ئەوان بە تەنها داهاتێکی ساڵانەی کەمی نەتەوەیی ئەخاتە مشتەوە و بەدابەش بوونەوەی بەسەر هەموو دانیشتواندا تەنها یەك لەسەرسێی بەرهەمی کاری خۆی بەرخۆی دەکەوێتەوە و دوو بەشەکەی تری دەبێ لە ڕەگەزەکەی تری نیوەی کۆمەڵ و ئەوانەی دەرەوەی تەمەنی کارکردن خەرج کاتەوە ، بەمەش هیچ پاشەکەوت(دخل)ێك وەدەست نایەت و نیشانەکانی ئابووریەکی لاواز سەرهەڵدەدەن و ولات پێشناکەوێت، هەروەکو لە کۆمەڵگای خۆمان و کۆمەڵگاکانی دەوروبەرمان هەستی پێدەکەین .

بەدڵنیایەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ژنان لە هەڵسوڕاندنی چالاکیە ئابووریەکاندا بەشدار نین و بە کورتی دەتوانین بڵێین نیوەی کۆمەڵ بێ ئیشە و کەمترین ژمارەیان کاردەکەن کە شیاوی باس لێوەکردن نین ، بەمەش داهاتی ساڵانەی ولاتی ئێمە بریتیە لە کۆی داهاتی ساڵانەی ئەو بەشە لە پیاوان کە کاردەکەن، سەرەنجام بۆتە هۆی بەردەوام کورتهێنانی بوجە(النقص في المیزانیە)ی ساڵانە و کەمبوونەوەی پرۆژەکان و سەرەنجام کەم بوونەوەی هەلی کارکردن تەنانەت بۆ پیاوانیش ، کەوای کردووە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بوجەیە پشت بە لایەنێکی دەرکی یاخود قەرز ببەسترێ .

هۆکاری سەرەکی بوونی ژنان لە دەرەوەی بازنەی بەرهەم هێنان و کارکردن مانەوە و بەهێزی هێشتای نەریتە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگای پیاو سالاری سەرەتایی و تەقلیدیە ، کە بە بیروڕا ئایینی و خێڵەکیەکان موتوربە کراون لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا ، ئەمەش ڕەگەزی مێ هاویشتۆتە دەرەوەی گەردوونەی وەبەرهێنان و بەدڵنیاییەوە پێم وانیە لە هەموو ولاتانی ڕۆژهەڵاتدا ژنێکی سەرمایەدار هەبێت ، پێچەوانەی ولاتانی خۆرئاوا. لێرەدا تێدەگەین کە بۆچی تا چەند ساڵێك لەمەو بەر داهاتی ساڵانەی هەر بیست و دوو ولاتی عەرەبی نەدەگەیشتە داهاتی ساڵانەی بەتەنها ولاتی ئیسپانیا.

بەو ڕوونکردنەوەیەی لای سەرەوە تێگەیشتین کە بەشداری کردنی ڕەگەزی مێ لە چالاکیە ئابووریەکان و سود وەرگرتن لە دەست ژنان بۆ کارکردن بەهەمان شێوەی پیاوان داهاتی ساڵانەی ولات دوو بەرابەر بەرز دکاتەوە، ئەمەش بەو مانایە دێتەوە کە لەکاتی دابەشکردنەوەی داهات تاکەکان توانای تێرکردنی زۆرترین پێداویستیەکانیان دەبێت و بێجگە لەوەش ئەرکی بەخێوکردنی هیچ کەسێك ناکەوێتەسەر کەسێکی تر و خۆشگوزەرانی ئابووری دێتە ئاراوە ، دیار کە پێشەوتنی شارستانی و گەشەی فەرهەنگی و گۆڕانی کۆمەڵایەتیش لە سایەی خۆشگوزەرانی ئابووری دێنەدی . بۆ ئەوەش دەبێت هەموو ڕێگرەکانی بەردەم کارکردنی ژنان هەڵگیرێن و هەلی کارکردنیان بەبێ جیاوازی بۆ بڕەخسێنرێت ، پاشەکشێ بە هەموو تێڕوانینە نامەدەنیەکانی کۆمەڵگای بەستەلەك بکرێت . ولاتانی ڕۆژهەلاتی ئاسیا(کۆریا ، یابان ، تایوان ...) کە ئێستا بە پلنگی ئاسیایی ناودەبرێن لەڕووی ئابووریەوە ، دەمێکە ئەو کلیلەیان دۆزیوەتەوە و دەگایان لەبەردەم کارکردنی ژنان ئاوەلا کردووە ، پێم وایە ئەگەر ئێمەش ئەزموونی ئەوان تاقیبەکەینەوە دەتوانین ئایندەیەکی باشتر مسۆگەر بکەین.